The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

---

# چاک له‌ پێشڕەویدایه‌, با مشه‌خۆران له‌ داخا, یه‌خه‌ی خۆیان دادڕن

هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دروستبوونییه‌وه‌, (چاک) په‌یمانی ئه‌وه‌ی پێدان, که‌ ببێت به‌ قه‌ڵغانی به‌رگری له‌ ماف و داواکارییه‌کانی قوربانییانی جینۆسایدی گه‌لی کورد, قوربانییانی ئه‌نفال و هه‌ڵه‌بجه‌ و فه‌یلی و بارزانی و سه‌رده‌شت و قاڕنێ و ئه‌وانی تر, په‌یمانی پێدان ببێت به‌ ده‌نگی به‌رگری له‌ کورد, دژ به‌ جینۆساید, جا ئیتر له‌ مه‌هاباد بێت یان له‌ سنه‌, له‌ قامیشلی بێت یان له‌ دیاربه‌کر, له‌ که‌رکوک بێت یان له‌ دهۆک, یان هه‌ر بسته‌ زه‌مینێکی تر.

(چاک) له‌ ماوه‌ی ده‌ست به‌کاربوونی خۆیدا, به‌کاری چڕوپڕی کۆمه‌ڵێک له‌ ئه‌ندامانی تێکۆشه‌ر و هاوکاریی ئه‌ندام و دۆست و لایه‌نگران و به‌ پشتگیریی ته‌واوی جه‌ماوه‌ر و به‌ تایبه‌تیش قوربانییانی کاره‌ساتی هه‌ڵه‌بجه‌ و ئه‌نفال و قوربانییانی تر, توانی کۆمه‌ڵێک کاری مه‌زن, له‌ ئاستی ناوخۆ و نێوده‌وڵه‌تیشدا ئه‌نجام بدات و پرسی جینۆسایدکردنی گه‌لی کورد بباته‌ ئاستێکی تره‌وه‌.

بێگومان ئه‌و کارانه‌ی ئێمه‌ دڵی هه‌موو که‌سێک خۆش ناکات و بگره‌ ده‌بێته‌ به‌ردێکی قورسی سه‌ر دڵی هه‌ندێکیش. ئێمه‌ که‌ باس له‌ دادگاییکردنی فایلداره‌کان ده‌که‌ین, تۆبڵێیت چاوه‌ڕوان بین فایلدارێک ده‌ستخۆشیمان لێ بکات؟! که‌ باسی ده‌رکردنی کۆنه‌ جاشێک ده‌که‌ین له‌ قایمقامێتی (قه‌زا)یه‌ک, یان به‌ڕێوه‌به‌ری (ناحیه‌)یه‌ک و به‌ کرده‌وه‌ش ئه‌نجامی ده‌ده‌ین, چاوه‌ڕوانی چه‌پڵه‌ی ئه‌و قایمقام و به‌ڕێوه‌به‌ره‌ نین, به‌ڵکو دڵنیاین, ئه‌گه‌ر گولله‌ی گرداری ده‌ستوپێوه‌نده‌کانیشی سنگی ئه‌ندامانمان نه‌پێکێ, ئه‌وا لایه‌نی که‌م هه‌وڵ ده‌دات به‌ ڕێگایه‌کی تر, قینی خۆی به‌سه‌ر (چاک) و ئه‌ندامه‌کانیدا هه‌ڵڕێژێت, ڕێگایه‌ک که‌ له‌ مێژووی پڕ له‌ شه‌رمه‌زاری خۆی بووه‌شێته‌وه‌.

ئه‌رێ که‌سێکی تێکۆشه‌ری شاره‌زا هه‌یه‌ که‌ نه‌زانێت, چاک و دۆسته‌کانی* بوون, (نزار خه‌زره‌جی) ئه‌نفالچییان له‌ دانیمارک دایه‌ دادگا و قه‌فه‌سی تاوانبارییان لێ ته‌نگ کرده‌وه‌؟! که‌سێکی به‌ ئاگا هه‌یه‌ که‌ نه‌زانێت,هه‌ر(چاک) بوو وه‌فیق سامه‌ڕایی سه‌رۆکی ئیستخباڕاتی عێراقیی دایه‌ دادگا؟! ئه‌رێ که‌سێکی شاره‌زا و ڕاستگۆ هه‌یه‌ که‌ نه‌زانێت, (چاک) بوو یه‌که‌م ده‌نگ و یه‌که‌م ڕێکخراوێک, بانگه‌وازی هه‌موو گه‌لی کورد و حزب و ڕێکخراوه‌کانی کرد, بۆ کاری هه‌ره‌وه‌زی له‌ دادگاییکردنی (سه‌دام حوسێن)ی کۆنه‌ دیکتاتۆر, به‌تاوانی (جینۆسایدکردنی گه‌لی کورد) ؟! که‌سێک هه‌یه‌ ئاگادار نه‌بێت که‌ (چاک) خه‌ریکی دادگاییکردنی (فرانس ڤان ئه‌نرات)ه‌ که‌ گه‌وره‌ترین بازرگانی چه‌کی کیمیاوییه‌ و ئه‌و ماتریاڵه‌ کیمیاوییانه‌ی به‌ ڕژێمی عێراق فرۆشتووه‌ که‌ هه‌زارانی له‌ شاری هه‌ڵه‌بجه‌ و سه‌رده‌شت و گوند و ناوچه‌کانی تر پێ شه‌هید کرا.

بەڵام ئەوانەی ئەمڕۆ  لە پێناوی بەرگری لە خۆیان  یان لە پێناوی پاداشت و دەمچەورکردنیان لە لایەن ئاغاکانیانەوە یەخەی چاک دەگرن, دڵنیابن کە دەستیان ناگاتە باڵای بەرز و شکۆداری (چاک) و هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت, کە لە داخا, یەخەی خۆیان دادڕن.

(چاک) ڕۆژ بەڕۆژ متمانەی لە ناو گەل و لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا زیاد دەکات, بۆیە بەرپرسیارێتییەکی مەزنی لەسەر شانە. (چاک) کاتی بەنرخی خۆی, بۆ ئەنفالکراوان و قوربانییانی جینۆساید تەرخان کردووە و لە وەڵامی قسە و نووسینی سووک و هەڵبەستراو و بێبنەما خەرجی ناکات.

کورد دەڵێت (دوژمنێکی زانا, نەک دۆستێکی نەزان) چونکە زەرەرمەندی یەکەم دۆستەکانیان دەبن. دڵنیاین کە کەسانێکی مشەخۆری لەو ئاستە نەک لای ئێمە و جەماوەر, بەڵکو لای گوایا دۆستەکانیشیان, لەسەر بێئاستی و نەزانی و درۆی ئاشکرایان, ڕیسوا دەکرێن.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک).**

**2005-11-15**

**www.chak.info**

**chak_org@yahoo.com**

---

* (کۆمیتەی بەگەڕخستنی هەوڵەکانی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی)